# مافی گەلان و ئیمپراتۆریەکی نوێ

کاوە ئەمین

سەدەی ڕابردو سەدەی دەوڵەتە سەردەستەکانی جیهان بوو. گەلێک لەو دەوڵەتانە لە سێبەری یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەقازانجی سەرووەری وڵاتانی جیهان، داریژراون و سەرووەریتی خاک و بەرژەوەندی نەتەوەکانی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت وایانکردبوو کە لەچوارچێوەی سنووری جوگرافی و نەتەوەیی ئەو وڵاتانەدا گەلێک تاوانی نامرۆڤانە بەدژی کەمایەتی ئێتنیکی و دینی و کۆمەلاتیەکان بکرێت، بەبێ ئەوەی دەوڵەتانی تر بتوانن خۆیانی تێ هەڵقورتێنن، ئەویش بەبیانوی ئەوەی کە ئەو کێشانە کێشەی ناوخۆی وڵاتەکە خۆیەتی.

سەرچاوەی پیرۆزیی سەرووەرەیەتی دەوڵەتان دەگەڕێتەوە بۆ ئاشتی نێوان ئەوروپیەکان بە تایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا و دانیمارک و سوێد و. . . هتد کە بە ئاشتی وێستفالیسی ساڵی 1648 بەناوبانگە، کە تیایدا بڕیاری ئەوە درا " کە نەزمی نێونەتەوەیی لە سەر بنچینەی سیستەمی سەرەوەرێتی دەوڵەتە نەتەوەیەکان دابرێژرێت". [1]

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیە بازرگانی و سیاسیەکانی نێوان دەوڵەتانی جیهان گەلێک جار دەبوون و دەبنە دیوارێک بۆ شاردنەوەی تاوان و کۆمەڵ کوژیەکان. گلوبالیزەیشن یان جیهانگیری بەتایبەتی ئاڵوکۆڕکردنی زانیاری لە ڕێگای ڕاگەیاندن بەتایبەتی ئینتەرنێت دیواری ئەو بێ دەنگیەیی ڕمان و گەلانی بێ دەوڵەت یانیش لاواز توانیان دەنگی خۆیان بگەیەنن بە خەڵکانی دەرەوەی ئەو سنورە جوگرافیاییەی کە دەیان وبگرە سەدان ساڵە کراوەتە قەفەسێک لە لایەن دەسەڵات دارانەوە، بۆیان.

بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ڕێگایی کەناڵە سانسۆر نەکراوەکان یاخود بە ئاسانی سانسۆرنەکراوەکان لەوانەش ساتەلیت و ماڵپەری ئنینتەرنێتی وایان کرد کە کلتوورەکان زیاتر بەیەکتر ئاشنا ببن، بۆ نموونە گەلێکی بێ دەوڵەتی وەکو کورد ئێستا خاوەنی چوار کەناڵی ئاسمانی و هەزارەها ماڵپەری ئینتەرنێتییە، ئەمانە خۆی لە خۆیدا نەک کوردی بە دنیا ئاشنا کردووە بەڵکو توانیویەتی کورد بەیەکتری ئاشنا بکات. جاران کابرایەکی دیاربەکری ڕەنگە هەر بیزانیایە کە کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا هەیە و هیچی تر، بەڵام ئیمڕۆ لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانیەکانەوە زانیاری بەرفراوان لەسەر جوگرافیا و دیالێکتەکانی زمانی کوردی و ئازار و خۆشیەکانی یەکتر هین دەبن و ئەو هەستی نامۆیی و یەکتر نەناسینە ئەگەر بەتەواوەتیش بنەبڕ نەکرابێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە کاڵ بۆتەوە.

هەروەک ساموئێڵ هانتینگتون دەڵێت: سەردەمی شەڕی سارد دنیا کرابووە دوو دەستە و دوو قوتبی جیاواز، یەکێکی دەوڵەمەند کە کۆمەڵگە دیموکراسیەکان بە ڕابەرایەتی ئەمریکای لە خۆگرتبوو، ئەویتریشیان کۆمەڵگەیەکی فەقیرتر لە چاو ئەواندا بە ڕابەرایەتی سۆڤیەت کە کۆمەڵگە کۆمۆنیستیەکانی لەخۆ گرتبوو.

ئەم دوو قوتبە لە بەربەرەکانێیەکی بەردەوامدا بوون و جیهانی سێهەمیش کرابووە جێگای گوریس کێشەکێی ئەم دوو زلهێزە. دەوڵەتانی جیهانی سێهەم کە زۆرەبەیان لە سەر بنەمای تۆتالیتاری نەژادی و ئاینی بنیات نراوون و دەسەڵاتی یەک پارتی و بنەماڵەیی باڵا دەست بوون و هەن، بۆ مانەوەی خۆیان پەیوەندی ئابووری و سیاسی پتەویان لەگەڵ هەردوو زلهێزی پێشوو گرێدابوو. ئەو سیاسەتەش بەتەواوەتی لەدژی بەرژەوەندی گەلانی ژێردەستەی وەکو کورد بوو. بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەکو عێراق کە تیایدا دەوڵەت و پارت و سەرکردە واتە عێراق و بەعس و سەددام حسێن وەکو سێ کوچکیەک کە یەکتریان تەواو دەکرد و یەک بەبێ ئەوی تر نەیدەتوانی ژیان بکات، کەڵکیان لە ناکۆکیەکانی هەردوو

جەمسەری کۆمۆنیستی سۆڤیەت و وکاپیتالیستی ئەمریکایی وەرگرتبوو، بۆیە هەردووک لا لەبەرانبەر جینۆسایدی دژ بە کورد بێ دەنگی یانیش پشتیوانی عێراقیان هەڵبژارد.
هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت، هاوکێشەکەی بەتەواوەتی گۆڕی و دەرگای بۆ سیسەتەمێک یاخود نەزمێکی نوێ کە ڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی ئەمریکادایە، کردەوە. ئەم نەزمە نوێیە گوڕ و تینێکی زیاتری پێدرا لە دوای ڕوداوی 11 سێپتامبەر. لێدانی بنکەی ئابووری و سیاسی ئەمریکا لەیەک کاتدا ئەویش لە ماڵی خۆیاندا، ئەمریکای بە گەل و دەسەلاتەوە هەژاند.
11 سێبتامبەر لەگەڵ هێرشی هەوایی یابان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکالە (Pearl Harbor) بەراورد دەکرێ. جیاوازیەک کە هەبێت ئەوەیە کە ئەوکات یابان وەکو بکەری هێرشەکە ناسرابوو و پێویست بە گەران و لێکۆڵینەوە نەبوو بۆ دۆزینەوەی دوژمنکە، بەلام دوژمنی ئەمجارەی ئەمریکا نادیار و هەمانکات هۆی هێرشکەش ڕوون نەبوو بەتایبەتی لەسەرتا دا.[2]
ئەوە بوو سەرۆککۆماری ئەمریکا لەدوای ڕوداوەکە چەند ئاخافتنێکی بالکێشی بلاوکردەوە کە کران بە بناغەی ئەوەی کە پێی دەڵێن دۆکترینی بوش، کە تیایدا بە ئاشکرا هەرەشەی لە گرووپە ڕادیکاڵە توندڕەوە ئیسلامیەکان و ولاتانی جیهانی سێهەم بە گشتی کرد و وتی:
> ئێمە سەرچاوە دارایەکانی تیرۆریستەکان کوێردەکەینەوە، دەیان دەین بە گژ یەکدا، ڕاویان دەنێین لەم جێگا بۆ ئە جێگا هەتا نەتوانن جێگایەک بۆ خۆشاردنەوە بدۆزنەوە.
> هەموو ئەو ولاتانەی کە پشتیوانی لەو ڕێکخراوانە دەکەن و دەیان پارێزن دەبنە هەدەفی ئێمە. هەموو ولاتێک لە هەر هەرێمێکدا بێت دەبێت بریاری خۆی بدات. یان ئەواتا لەگەڵ ئێمەن یان ئەواتا دژمانن. لەم ڕۆوە هەر ولاتێک کە پشتیوانی یان پارێزگاری لە تیرۆریزم بکات وەکو دوژمنی خۆمان چاوی لێدەکەین.[3]

ئەمە سەرتایەک بوو بۆ ئەمریکا تا ماسولکەی سەربازی و سیاسی خۆی نیشانی دنیا بدات. ئەوە بوو یەک دەنگ و یەک ڕەنگ زۆربەی ولاتانی جیهان پشتیوانی خۆیان بۆ ئەمریکا دەربڕی بۆ لێدان و تەفروتوونا کردنی تالیبانەکانی ئەفغانستان. لەڕاستیدا تێکشکانی تالیبانەکان لەو ماوە کەمەدا دەرگایەکی تری بۆ ئەمریکا کردەوە و جێگاپێی خۆیان لە ئاسیای ناوەندا کردوە، پاش ئەوەی ئەمریکا چەندین بنکەی سەربازیان لە ولاتانی دەوروبەری ئەفغانستاندا دامەزراند.
ناتۆ وەکو هەڤاڵبەندێکی سەربازی ئەو گرنگیەیی جارانی نەماوە، لێدانی عێراق و دژایەتی فەرەنسا و ئەڵمانیا کەلەبەرێکی گەورەبوو کەوتە نێوان ولاتانی ئەندامی ناتۆوە. بەلجیکا کە ناوەندی سەرەکی ناتۆی لێیە، دژایەتی تەواوی ئەمریکایی کرد کاتێک ئەمریکا داوای لە ولاتانی ناتۆ کرد کە کەلوپەلی سەربازی بنێرن بۆ تورکیا بەماوەیەکی کەم پێش دەستپێکردنی شەڕەکە، چونکە ئەمریکا پێ دەچوو لەوە دڵنیا بووبێت کە تورکیا لەشەڕی دژیی عێراق هاوکاری هەرە نزیکی دەبێت. بەلام تورکیا کە دەیان ساڵە لەلایەن ئەمریکاوە هاوکاری سەربازی و ئابووری دەکرێت بە قورگدا، ڕازیی نەبوو هاوکاری ئەمریکا بکات و ڕێگای بەو ولاتە نەدا کە لە خاکی تورکیاوە سەربازانی ئەمریکا تێپەڕ بن بۆ کردنەوەی بەرەی باشووری کوردستان کە ناویان لێ نابوو بەرەی باکوور.[4] ئەو هەڵوێستەی تورکیا بەقازانجی کورد شکایەوە، چونکە کورد ڕاستەوخۆ بوونە هاوکار و پشتیوانی ئەمریکا.
ئێستا باس لە ئیمراتۆریایەکی نوێ دەکرێت کە ئەویش ئەمریکایە، ئیمپراتۆریایەک کە بە لەسەرخۆیی گەشە بکات و یەک لەدوای یەک ئەو قۆرتانەی دێنە ڕێگایی، بەشێوەیەکی پلان دارێژراو کەنار دەخرێن.
ئەمریکایەکان بەیەکێک لەو گەلانەی دنیا دەژمێردرێن کە هەستی نیشتمان پەروەریان بەهێزە و شانازی بە ئەمریکایی بوونی خۆیانەوە دەکەن ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکا تێکەلاوێکە لە گروپ و نەژادی

جۆراوجۆر، 11 سێبتامبەر ئەو هەستەی چەندین پلەی تر بەرز کردەوە. هەڵبەت هەر لە سەدەی ڕابردووە هێزی سەربازی و ئابووری و کلتووری و سیاسی کاریگەری خۆی لەسەر وڵاتان و گەلانی جیهان داناوە بە تایبەتی لە ئەوروپا. هێرشی کلتووری و ئابووری ئەمریکی بووەتە هۆی دڵەڕاوکەی ئەوروپییەکان بۆیە بە چاوێکی گومانەوە لە ئەمریکا دەڕوانن. دژایەتی ئەوروپیەکان بە تایبەتی فەرنسا و ئەڵمانیا بۆ لێدنی عێراق دەتوانرێت بخرێتە ئەو چوارچێوەیەوە.

گوێ نەدانی ئەمریکا بە داواکاریەکانی هەندێک لە وڵاتانی ئەورپا و قەوارەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕاستییەی نیشان دا کە ئەمریکا بەهەچ نرخێک بێت دەیەوێت باڵادەستی خۆی بسەپێنێت، شەڕی عێراق و لابردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەددام بەو شێوە چاوەڕواننەکراوە بەتەواوەتی جادەکەی بۆ ئەمریکا تەخت کرد.

هەروەک لەسەرەتادا باسم کرد، گلۆبالیزەیشن بۆ نەتەوە ژێر دەستەکان پەنجەرەیەکە بۆ گەیاندنی دەنگی پەنگ خواردووی نەتەوە چەوساوەکان بەدنیای دەرەوە، وڵاتانی گەورە چیتر ناتوانن وەکو جاران چاوی خۆیان بنوقێنن یانیش کۆکوژیی نەتەوە چەوساوەکان ناتوانرێت وەکو جاران لەژێر پەردەیی کێشەی ناوخۆی دەوڵەتەکاندا چاوپۆشی لێ بکرێت.

پرۆفیسۆر ئێمیل ئودهامەر لەوتارێکدا دەنوسێت: ژمارەی ئەو کەسانەی کە بوونەتە قوربانی تیرۆری سەرۆکی دەوڵەتەکانی خۆیان زیاترە لەوانەی کە ڕاستەخۆ لە شەڕدا کوژراون، هەمانکات ڕەخنە لە سیسەتەمی نەتەوە یەکگتووەکان دەگرێت بەبێ ئەوەی ناویان بهێنێ دەڵێت: دوو ئەندامی هەیشەیی نەتەوە یەکگرتووەکان ماوەیەکی دوور و درێژە سەرکردەکانیان نەتەوەکانیان چەوساندۆتەوە و ڕێگیان بە لەناوبردنی کۆکوژی لەو وڵاتانەدا داوە. دیارە مەبەستی لەو دوو وڵاتەش چین و ڕووسیایە. لای کەس شاراوە نیە کە کۆمۆنیستی شوورەوی لەدوای ساڵی 1920 وە تا ساڵی 1989 ملیۆنان مرۆڤیان لەناوبرد.

کاتێک باسی ئەو وڵاتانە دەکرێت ناکرێت چاوپۆشی لە تاوانەکانی ئەمریکا کە لە ڤێتنام و ئەمریکای لاتین و شوێنانی تر کردوونی، بکرێت، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی کە تا ئێستاش لە ئەمریکا سزایی لە سێدارەدان هەڵنەگیراوە و ساڵانە سەدان مرۆڤ لەسێدارە دەدرێتن، ئەمە جگە لەوەی کە ئەمریکا لە ڕێگای پشتیوانی کردن لە دیکتاتۆرەکان ڕابردویەکی تا بڵێی گەندەڵ و نامرۆڤانەی هەیە.

ئەوەی کە پەیوەندی بە کورد و نەتەوەی وەکو کوردەوە هەبێت دەتوانن کەڵک لەم نەزمە نوێیەی ئێستا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت وەربگرن. شەڕی عێراق و لاساری تورکیا بەدژیی ئەمریکا کە دۆستێکی گیانی بەگیانی ئەمریکا بوو و ئەندامێکی بەهێزی ناتۆیە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی سیاسی کورد، وای کرد کە بەرژەوەندیەکانی کورد و ئەمریکا لەیەک جەواڵدا خۆیان ببیننەوە، دیارە ئەمریکا وڵاتێک نییە کە کورد وتەنی تا سەر "سەری خۆتی پێ بسپێری"، بەڵام ئەو هەلەی ئیمڕۆش بۆ کوردی باشوور هەڵکەتووە هەموو ڕۆژێک بە نسیب نابێت.

ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە کێشەی کوردیان تێدایە و ڕازی نابن بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەربکرێت، هەمانکات لەلایەن ئەمریکاوە بە چاوی گومان و بگرە وەکو دوژمنیش لێیان دەڕوانن، بە تایبەتی ئێران و سوریا، ئەوەش خۆی لەخۆیدا هێندەی تر بەرژەوەندیەکانی کورد و ئەمریکا لەیەک نزیک دەکاتەوە. تەنانەت تورکیای هەڤاڵبەندی پەنجا ساڵەی ئەمریکا ناخۆشترین ساتەکانی تەمەنی سیاسی و ئابووری و جڤاکی خۆی دەژمێرێت. لەلایەک ئەوروپا بە بەهانەی جۆراو جۆرەوە دەرگایان بەسەردا دادەخەن، پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکا لەوپەری خراپیدایە، کێشەی قوبرس بەزەرەری تورکیا تەواو دەبێت، ئەمە سەرەرایی قەیرانی ئابووری. هەموو ئەم حاڵەتانە لە بەرژەوەندی کورددان، چونکە تورکیا چاوی بە هیچ شتێکی کورد هەڵنایەت. دیارە نابێت چاوەڕێ ئەوە بین کە بەدژی هەموو دیکتادۆرەکان ئاڵای شەڕ

بەرز دەکرێتەوە و بەڵام مانای ئەوەش نیە کە ئیتر چاو لە هەموو تاون و کۆمەڵکوژیەک دەپۆشرێت. بنیات نانەوە یاخود نویێ کردنەوەی جیهان یانیش لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵێک لاوە باسی لێوەدەکرێت. ئەم ڕەوشەی کە ئێستا ناوچەکەی تێدایە زۆر لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو دەچێت، ئەو کاتەی بەریتانی و فەرەنسیەکان ناوچەکەیان لەخاچدا لە ژێر سێبەری سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە" دا.

کاتێک باسی سەرکەوتنەکانی ئەمریکا لە شەڕ دا دەکەین، مانای ئەوە نییە کە ئیتر بەکەیفی خۆیان ئەوەی دەیکەن بۆیان دەلوێت، بەڵکو نارەزایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەب و جیهانی ئیسلامی لە داهاتوودا گروتینێکی تر وەردەگرێت، بۆیە ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی پێویستی بە هێزی کورد دەبێت، جا ئەو هێزە شەرت نییە ئەو لایەنانەن بن کە ئێستا لە کوردستاندا حوکووم دەکەن. ئەو گۆڕانکاریانەی کە حوکوومەتەکانی کوردستان پێی هەڵدەستن، بۆ نموونە لابردنی گومرگ و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ناوچەکانی سلێمانی و زۆر شتی تر کە شتی سیمبولێن بەڵام لە ڕادەبەدەر گرنگن، بە نەسیحەتی ئەمریکایە، دەنا بۆ لە 1992 وە ئەم گۆرانکاریانە نەکران، شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئێستا لە عێراق و باشووری کوردستاندا ئەمریکا حاکمی موتڵقە و کەس بەبێ ئەو ناتوانێت پەنجە بە ئاودا بکات، ئەمەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە، نەک پروپاگاندەیەکی هەرزان بۆ ئەمریکا.[5]

هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق و دەستگا ئەمنیەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراقی کە زیاتر وەکو فەیلەقێکی ئەمن و ئیستخبارات وابوو، گەورەترین دەستکەوت بوو بۆ گەلی عێراق و کوردستان. ئەوەی کە ئەمریکا خەڵکانی وەکو دوکتۆر فەزڵ و کەسانی تر بانگهێشتن کردووە و خەریکی نووسینەوەی یاسای بنگەیی عێراقن، کە بە دڵنیایەوە زۆر هومان تر دەبن لە یاسا پۆخڵاواتیەکانی ئێستای عێراق لە گشت ڕویەکەوە، بە قازانجی گەلی کودر و گەلانی تر دەبن. "ڕوناکبیری کورد" دەتوانن میکرۆسکۆپ ئاسا هەموو جموجوڵێکی ئەمریکا لە ڕابردوو و ئێستاشدا بخنە ژێر چاوەدێریەوە و ڕەخنەی لێبگرن، شان بەشانی ئەوەش زەری پەزی نییە ئەگەر سود لە بەرژەوەندیە ناو کۆیەکانیش وەر بگیرێت و هێزە کوردیەکان خۆیان خۆیان بگۆرن نەک لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆی دەرەوەدا، لێرەدا مەبەستم هەموو کوردستانە بە تایبەتیش پارتی و یەکیەتی و کادەک، چونکە ئەمریکا زۆر کەسی کرد بە شت، کاتێکیش کاریان پێ نەمان ئاودیوی مێژویان کردن، شای ئێران و عەرەفات وسەددام وتالیبان و ڕەنگە تورکیا و. . . زۆری تر نمونەی زیندون.

دیارە گلوبالیزەیشن و بازاری ئازاد، دەتوانێت بە ئاڕاستەی پێچەوانەش هەنگاوبێن. یەکێک لەوانەی کە عەوداڵی بازاڕی ئازاد بوو، هەموو کۆمۆنیستی کرد بەقوربانی یەک تاقە سەعاتی، میخایل گۆرباتشۆڤ بوو، بەڵام ئەوی کە ئەو دەیویست لە ڕووسیا پێچەوانەکەی هاتە دی ئەوەتا لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڤاندانا شیڤا دەڵێت: بە پێچەوانەی ئەوەی کە من بیرم لێ دەکردەوە دەرچوو. من لەو باوەردا بووم کە ببێتە هۆی ئافراندنی دیموکراتی، کەچی بەرەو بەرێوەبەرایەتی مافیایی، هەنگاوی نا.

**سەرچاوە و پەراوێز**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

---

[1] ڕۆژنامەی UNT، 16/4/ 2003.

[2] Wiklund Mats, Världspolitikens dagsfrågor nr3-2002.

[3] Tvärsnitt nr 1, 2003.

[4] UNT 8/4/2003.

[5] له گفتووگۆیەکدا بۆ هاوڵاتی ژمارە 126 ، بەر پرسێکی گەورەی سلێمانی دەڵێت لەبەرامبەر کێشەی دراودا بێ دەسەڵاتین، من دەڵێم دەبوو ئەو کاکی بەرپرسە بیوتایە لە بەرامبەر هەموو کێشەکاندا بێ دەسەڵاتین.